# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 6 | تشرینی یەکەمی 2010


## لـــەم ژمارەیـــــەدا


نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بە بەشدارپێکردنی میدیای عیراقی یادی ٦٥ەمین ساڵەی خۆی دەکاتەوە .. 1

کارکردن بۆ قەڵاچۆکردنی برسییەتی لە عیراقدا... 3

یونامی لەگەڵ عیراق یادی یەکەمین "رۆژی جیهانی ئامار" دەکاتەوە ...................................... 3

عیراق و رێکخراوی تەندروستی جیهانی و (UNDP) بەخشینی ٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ رووبەڕووبونەوەی سیل جێیەجێدەکەن ............................................. 4

لێکۆڵینەوەیەکی نهێنیی ئەزموونی سەبارەت بە مردنی دایکان لە عیراقدا بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ ................................................ 4

رۆژی جیهانیی هابیتات بە دەستپێکردنی "سیاسەتی نیشتەجێکردنی نیشتمانی" یادی کرایەوە ................ 5

بەهێزکردنی توانای عیراق بۆ پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت ........................................................ 6

گەیاندنی یارمەتی بە ئاوارە ناوخۆییەکان لە موسڵ 6

رۆژی جیهانیی دەستشوتن ............................... 7

رێکخراوی IOMتواناسازی بۆ بەرنامەی بەڕێوەبردنی گشتگری سنور تەواو دەکات ............ 8

نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاردا.................... 8


# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بە بەشدارپێکردنی میدیای عیراقی یادی ٦٥ەمین ساڵەی خۆی دەکاتەوە



نوێنەرانی میدیای عیراقی و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مێزگردێکی تاوتوێکردندا سەبارەت بە رۆژی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (وێنە:یونامی / سەرمەد ئەلسافی)

بەڕێز ئاد مێلکەرتی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) بە نوێنەرایەتی نێردە لەگەڵ نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوق و بەرنامە کاراکانی لە عیراق لە رۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمدا بە ئەنجامدانی گفتوگۆی هەمەلایەنە لەگەڵ گەورە نوێنەرانی راگەیاندنی عیراقی یادی "رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان"یان لە بارەگای یونامی)ی بەغدا کردەوە.

لە وتە دەستپێکەکەیدا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت بناغەی بۆ گفتوگۆی کراوە لەگەڵ شارەزایانی راگەیاندنی عیراقیدا دارشت و وتی "نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێ کاریگەریی هەیە؟ عیراقییەکان چۆن سەیری نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، یانیش لەمە گرنگتر، نەتەوە یەکگرتووەکان چیی لەدەست دێت و پێویستە چییان بۆ بکات؟ بە لای منەوە زۆر گرنگە کە ئێمە دەرفەتیمان هەبێت ئەمە لە گفتوگۆیەکی کراوە و راشکاوانە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ ئێوە تاوتوێ بکەین چونکە ئەمە ئەو رێگەیەیە بۆ هەر یەکێك کە بیەوێت فێر بێت و چاککردن ئەنجام بدات و و چەندی بشکرێ خەڵکێکی زۆر بەشداربکات."

شایانی باسە، چوار نوێنەری بە ناوبانگی راگەیاندن کە بریتی بوون لە خاتو سوعاد ئەلجەزایری لە رۆژنامەی ئەلمەدا و سەرنوسەری رۆژنامەی ئەلسەباح ئەلجەدید بەڕێز ئیسماعیل زایر و بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی ئەلسەباح بەڕێز حەمید قاسم و سەرنوسەری رۆژنامەی ئەلعالەم بەڕێز سەرمەد ئەلتائی بەشدارییان لەم مێزگردە کرد و لەگەڵ بەڕێز مێلکەرت و نوێنەرانی رێکخراوەکانی خۆراکی جیهانی (WFP) و (UNDP) و یونیسێف و یونیسکۆ و یونیفێم و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران کەوتنە تاوتوێی چەندان بابەتی پەیوەست بە دەور و کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق و ناوبانگی ئەو رێکخراوە لە وڵاتدا.

شارەزایانی راگەیاندنیش بە کۆی دەنگ دەستخۆشییان لە دەستپێشخەرییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ نوێنەرانی راگەیاندن کرد و جەختیشیان کردە سەر زیاتر بەردەستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە رووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ راگەیاندن و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەوان هەروەها گرنگیی دەوری نەتەوە یەکگرتووەکانیشیان خستەڕوو بە تایبەتی لە بەتواناکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقی لەگەڵ پێداگرتن لەسەر پێویستبوونی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان رێکخراوی نێودەوڵەتی و راگەیاندندا.

وێڕای داننانیش بە سنوورداربوونی بەردەستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خەڵکی عیراق، بەڕێز نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت ئارەزووی رێکخراوەکەی خستەڕوو بۆ ئەنجامدانی بەردەستبوونی راستەوخۆ بۆ راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵك بە گشتی نەك هەر بو ئاگادارکردنەوەیان لەسەر گرنگیی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیریکردنی بۆ عیراق بەڵکوو بۆ بیستنی را و سەرنجیان لەسەر ئەوەی کە چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ئەرکەپێسپێردراو

***"نەتەوە یەکگرتووەکان وەك رێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت لە کاتێکدا کە نوێنەرانی نێودەوڵەتی لە وڵاتدان، بەڵام زۆربەی کارەکان لەلایەن کارمەندانی خۆماڵییەوە ئەنجامدەدرێت. لەراستیشدا، زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کە لە جیهاندا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار دەکەن خەڵکی خۆماڵی وڵاتەکانی خۆیانن"***

*نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت*



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت و جێگری وەزیری دەرەوە، عەبباوی،کێکی ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەت دەکەن (وێنە:یونامی/سەرمەد ئەلسافی)

(ماندێت)ەکەی بە باشترین شێوە لە عیراقدا ئەنجام بدات.

نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە گشت فەند و بەرنامە لەکاردابووەکانی لە عیراقدا، رەزامەندی خۆیان لەسەر زۆربەی سەرنج و پێشنیارەکانی نوێنەرانی راگەیاندن نیشاندا و داوای تێکە وڵاوبوون و کارلێکی زیاتریان لەگەڵ عیراقییەکان و بە تایبەتیش راگەیاندنی عیراق کرد.

چەند نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو راستییەیان خستە روو کە ئامانجی هەرەگرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە بەهێزکردنی توانای عیراقییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەت بۆ هاونیشتمانییەکانیان.

هەر دوای تەواوبوونی مێزگردەکە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسە عیراقییەکان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی راگەیاندن یادکردنەوەی "رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان"دەستی پێکرا کە تێیدا هەر یەکە لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت و جێگری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بەڕێز لەبید عەبباوی وتەیان پێشکەش کرد.

جێگری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بەڕێز لەبید عەبباوی ستایشی ئامادەبوونی زۆر و چالاکییە فراوانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی)ی لە وڵاتدا کرد و بڕیاری حکومەتی سەبارەت بە زیادکردنی پشتگیریی دارایی بۆ کارەکانی نێردەکە لە عیراقدا رایگەیاند و وتی "من خۆم بە بەختیار دەزانم کە بڕیاری حکومەت رابگەیەنم سەبارەت بە بەخشینی ٢٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی تر بۆ دروستکردنی بارەگای تازەی یونامی و پێویستییەکانی. لەمەش زیاتر، ئێمە ئێستا کار دەکەین بۆ رێککەوتن لەسەر بارەگایەکی تازە لە کەرکوك."

هەر بە بۆنەی "رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان"، نووسینگەی هەرێمیی یونامی لە هەولێری هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکی بۆ بەرپرسانی حکومی و نوێنەرانی سیلکی دیپلۆماسی و رێکخراوە ناحکومیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ساز کرد. یادەکەش قۆزرایەوە بۆ دەربڕینی سوپاس و ستایشی یونامی و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هاوکاریی پتەوی بۆ بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکە و هەروەها بۆ ئەو کۆمەکبەخشانەی کە پشتگیری دەوری بەهێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا دەکەن.

بە پێداگرتن لەسەر بەهێزکردنی جۆراجۆربوون و هەمەرەنگی و بنیاتنان لەسەر سەرکەوتنی هاوبەشکاریی ئێستای نێوان یونامی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراقیش، بەرپرسی نوسینگەی هەرێمیی یونامی لە هەولێر خاتو مۆریگ هیندەرسۆن دوای بەخێرهێنانی میوانەکان وتی "ئەم بۆنەیە هەر بۆ ئەوە نییە کە ئافەرین لە خۆمان بکەین بەڵکوو زیاتر ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی هەلوێستەیەك بکەین و باسی ئەوە بکەین کە ئێمە چی دەکەین و چۆنی دەکەین و لە پەیوەندییە هاوبەشکارانەکەماندا چ کاریك فێر دەبین. وانەیەکی گرنگ کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە باشی فێری بووە ئەگەری کارکردنی زیاترە لەگەڵ خەڵکی تر و بۆیە ئێمەش هەر بەردەوام دەبین لەسەر تەرکیزکردن لەسەر بەهێزکردنی ئەو هاوبەشکارییەی ئێستا لەگەڵ دروستکردنی ئی تازەش."

"رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان" ساڵیادی جێبەجێکردنی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە ١٩٤٥ کە بە پەسندکردنی ئەم دیکۆمێنتە دامەزرێنەرە لە لایەن زۆربەی ئەندامان، بە ٥ ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشیشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ بە فەرمی دامەزرا و ئەم رۆژەش لە ساڵی ١٩٤٨ەوە وەك "رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان" یادی دەکرێتەوە.

> **_"لەم رۆژە جیهانییەی خۆراکدا، ئێمە ئاهەنگ دەگێڕین بۆ ئەو سەکردایەتی و بەشدارییەی بەرچاوەی حکومەتی عیراق لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ برسییەتی و بەدخۆراکی . بەهەر حاڵ، تا ئێستاش زیاتر لە ٢ ملیۆن عیراقی بایی ئەوەندە خۆراکیان دەست ناکەوێت ژیانێکی تەندروستانە بەسەر بەرن"_**
>
> _بەڕێز ئێدوارد کالۆن،_
> _بەڕێوەبەری نوسینگەی عیراقی_
> _بەرنامەی حۆراکی جیهانی_

## گالەری وێنە



چاودێران لە راگەیاندن و نەتەوە یەکگرتووەکان لە مێزگردە کۆبوونەوەیەکدا پەرە بە تاوتوێکردنەکەیان دەدەن (وێنە:یونامی / سەرمەد ئەلسافی)



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت و جێگری وەزیری دەرەوە، عەبباوی، چاوپێکەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ راگەیاندنی عیراق ئەنجام دەدەن (وێنە:یونامی / سەرمەد ئەلسافی)



دوای دەرکردنی پاسەوانی شەرەف و سەلاوی پاسەوانی فیجییەکان، گەورە سەرکردایەتی یونامی بەخێرهاتنی جێگری وەزیری دەرەوە دەکات (وێنە:یونامی / سەرمەد ئەلسافی)

# کارکردن بۆ قەڵاچۆکردنی برسییەتی لە عیراقدا



پێشکەشکردنی یارمەتی خۆراکی لە لایەن بەرنامەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی لە عیراق (وێنە: ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی لە عیراق )

"مێشکی برسی هەرگیز ناتوانێت تەرکیز بکات و لەشی برسی ناتوانێت هەنگاو بنێت و منداڵی برسیش هیچ ئارەزوویەکی بۆ خوێندن و یاری کردن نابێت." ئەمە ئەو عیراقە راستەقینەیە کە لەوێ نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکانە لەگەڵ حکومەتی عیراق و هاوبەشکارانی پەرەپێدانی تر بەشدارە لە جێبەجێ کردنی "ئامانجی ژمارە یەکی پەرەپێدانی هەزارە" بۆ قەڵاچۆکردنی هەژاریی و برسییەتی لەرادەبەدەر بە هاتنی ساڵی ٢٠١٥.

بە گوێرەی چەند توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوی فاو و (یونیسێف)یش، لە ٧٪ ی دانیشتوانی عیراق رۆژانە کالۆری تەواویان دەست ناکەوێت. هەرچەندە لە دەیەکانی رابردوودا کەمکردنەوەی برسییەتی گەشەکردنێکی زۆری بە خۆوە بینیوە بەڵام هێشتاش زیاتر لە ٢ ملیۆن عیراقی بە دەست بێبەشبوون لە خۆراکەوە دەناڵێنن چونکە ناتوانن خۆراك بکڕن و ئەمە لە کاتێکدایە کە منداڵانی عیراقیش بەدەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن. بە گوێرەی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٧یش، لە ٢٢٪ی منداڵانی خوار تەمەن پێنجساڵەی عیراق لەگەشەکردن وەستاوون و لە ٥٪ و لە ٩٪ ش بە ڕێزبەندی تووشی لەڕی کەمکێشی هاتوون.

لە لایەکی تریشەوە، حاڵەتەکانی برسییەتی بێبەشبوون لە خۆراك بەربڵاوە لە زۆربەی ئەو ماڵە عیراقییانەی کە بەساڵاچوو یان بێکار یان نەخوێندەوار یانیش هەژار بژێویان بۆ دابین دەکەن.

عیراق لە ساڵی ١٩٩٠وەو لە سەردەمی شەڕ و ئابڵۆقەدا چەندان بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکی بەخۆوە بینیوە کە بوونە مایەی زیاتر بەرزرکردنەوەی ئاستەکانی هەژاری لە کاتێکدا کە نائاسایشی خوراکیش هەر خۆی لە عیراق بوونی هەیە چونکە سەرچاوەی ئابووریی خەڵك بایی ئەوەندە نییە کە بڕی پێویستی خۆراکی بەردەستی باشی پێ بکڕدرێت.

بە ئاوڕدانەوە لە برسییەتی لەرادەبەدەریش لە نێوان دانیشتوانی عیراقدا، حکومەتی عیراق "سیستەمی بەشەخۆراکی مانگانە"ی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ەوە خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە سوودی بە لە ٥٣٪ ی دانیشتوان گەیاند و ئەم سیستەمەش ئێستا بە پرۆسەی چاکسازیدا دەڕوات و حکومەتی عیراقیش دڵنیایی داوە کە هەوڵەکان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی بە هۆی ئەم پرۆسەوە خەڵکە هەرەبێدەرامەتەکە تووشی برسییەتی نەبن لە کاتێکدا مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەش دۆزینەوەی چارەسەری درێژخایەنە بۆ قەڵاچۆکردنی برسییەتی لە عیراقدا.

شایانی باسیشە، هەرچەندە کەرتی کشتوکاڵی عیراق توانای ئەوەی هەیە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشدار بێت لە بەدەستهێنانی ئامانجی ژمارە یەکی پەرەپێدانی هەزارە بەڵام هێشتاش ئەم کەرتە، بە هۆی بەڕێوەبردنی خراپی ئاو و نەبوونی ژێرخانی ڕێکوپێك و خراپی خوێی زەوی و نەبوونی خزمەتەکانی وشیارکردنەوە، هەر بە دەست نزمی بەرهەمەوە دەناڵێنێت. لە چەند ساڵی رابردووشدا، باری کەش و هەواش گورزی خۆی سرەواندە بەرهەمهێنان. حکومەتی عیراقیش، لەبەر رۆشنایی "پلانی ٢٠١٠-٢٠١٤ی پەرەپێدانی نیشتمانی"دا،کار دەکات بۆ زیادکردنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی و دەستەبەرکردنی خۆبۆخۆ و چاککردنی ژیان و ئاسایشی خۆراك.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە پێشکەشکردنی پشتگیری بۆحکومەتی عیراق لە ڕێگەی جێبەجێکردنی "چوارچێوەی یارمەتیی ٢٠١١-٢٠١٤ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان"، کە لە مانگی ئایاردا کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بە هانای ئەم پێویستییانەوە دێت. بەتایبەتیش ڕێکخراوی فاو یارمەتی وەزارەتی کشتوکاڵی دەدات لە جێبەجێکردنی ٣ کۆڵەگەکەی "پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ بۆ ٢٠٠٨-٢٠١٢" لە کاتێکدا ڕێکخراوی خۆراکی جیهانیش یارمەتی وەزارەتی پەروەردە دەدات لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی"خۆراکی نیشتمانی قوتابخانە".

*بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە تکایە سەیری "شیکار و زانیاریی فاکتشیتی رۆژی جیهانی خـــۆراك" :* [*http://www.iauiraq.org/documents/1123/world%20food%20day.pdf*](http://www.iauiraq.org/documents/1123/world%20food%20day.pdf)

## یونامی لەگەڵ عیراق یادی یەکەمین "رۆژی جیهانی ئامار" دەکاتەوە

"رۆژی جیهانیی ئامار"، کە لە ٢٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٠ لە سەرتاسەری جیهاندا یادی دە کرێتە وە ، سە ری رێز بۆ شاکارە کانی ئامارناسە کان دادە نوێنێت لە بە رهە مهێنان و بڵاوکردنە وە ی داتای پێویست بۆ وڵامدانە وە ی گرفتەکانی رۆژانە و پێوانەکردنی گەشەکردنی ژیانی خە ڵك. یونامی و عیراقیش، لە ژێر دروشمی "ئاهە نگگێڕان بۆ چە ندان دەسکە وتی ئاماری: خزمە ت و لێهاتوویی و دە ستپاکی" یادی"رۆژی جیهانیی ئامار" دەکەنەوە.

ئامار لە عیراقدا گرنگییە کی تایبە تی هە یە و "رێکخراوی ئاماریی ناوە ندی" و "نوسینگە ی حکومە تی هە رێم بۆ ئامارە کان"یش دە وری سە رە کییان هە یە . لە لایە کی تریشە وە ، هێلە بنچینە ی داتا پێویستە دابمە زرێت بۆ پشتگیریکردنی دانانی سیاسە تی رێکوپێك و پەرەپێدانی پلاندانان و بەتواناکردنی گەشەکردنی چاودێریکردن و بە دواداچوون بە گرتنە خۆی ئە وانە ش کە بۆ دە ستبە رکردنی "ئامانجە کانی پەرەپێدانی هەزارە" دامەزراون.

خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان و عیراق یادی "رۆژی جیهانیی ئامار" یان کردەوە بۆ دانان بەو شادەسکەوتانەی کە لە بواری ئاماری فەرمیدا بەدیهاتوون و هەروەها بۆ پیرۆزبایی کردن لە وڵات لەسەر هەوڵە بەرچاوەکانی ئەم چەند ساڵە کەمەی رابردوو. لە لایەکی تریشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بۆ دەربڕینی ئارە زووی بۆ بە ردە وامبوون لە سە ر پشتگیریکردنی عیراق بۆ پەرەپێدانی سیستەمێکی ئاماری کاریگە ر و گشتگر لە بە ر رۆشنایی پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئاماری فەرمی کە لە لایەن "لێژنەی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان"ەوە و بە گوێرە ی باشترین بە کارهێنان و یاسای پرۆفیشناڵی جیهانییەو پەسند کراوە.

لە "رۆژی جیهانیی ئامار"یشدا، نە تە وە یە کگرتووە کان لە عیراق جە ختی کردە وە کە سەرژمێریی داهاتووی دانیشتوان هەلێکی گرنگە بۆ بە دە ستهێنانی کۆمەڵێك نیشاندەر کە دە توانن پشتگیری لە پلاندانانی گەشەپێدان لەعیراقدا بکەن. لەمەش زیاتر، لە کاتێکدا پێدانی ئاماری فەرمی لە ساڵانی رابردوودا گرنگ بوو بە ڵام هێشتاش ئاماری زیاتر لە ٤ ساڵی دادێت هەر پێویستە بۆ کارنامە ی ناوخۆیی و جیهانی و بە دواداچوونی گەشەکردن لەلایەن حکومەتی عیراق و بەرنامە پلانبۆدانراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

لە لایە کی تریشە وە ، ئاماری زیاتر دە توانێت بەشدار بێت لە جێبەجێکردنی "پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی" کە پێویستی بە کەشێکی بەتوانا هەیە بۆ "رێکخراوی ئاماریی ناوە ندی" و"نوسینگە ی حکومەتی هەرێم بۆ ئامارەکان" بۆ ئەوەی بتوانن لێهاتووانە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

١- کوافیلْد و کەسانی تر: بڵاوکراوەی ئەمریکی بۆ خۆراکپێدانی کلینیکی
٢-سەرچاوەکان:٢٠٠٦ گۆل / ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی،شیکاری ئاسایشی خۆراك بێدەرامەتبوون لە عیراق ٢٠٠٨،گۆل / ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی شیکاری گشتگری سەبارەت بە ئاسایشی خۆراك شیکاری بێدەرامەتبوون
٣- ڕێکخراوی ناوەندی بۆ ئامار و زانیاری تکنۆلۆژی
٤-حکومەتی عیراق، پلانی نیشتمانی بۆ پەرەپێدان ٢٠١٠-٢٠١٤ (٢٠١٠)

گەشەپێدان

# عیراق و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و (UNDP) بەخشینی ٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سیل جێبەجێدەکەن

نوسینی: پاڵ ئاراسییتەر - UNDPی عیراق



وەزیری تەندروستی عیراق د. ئەلحەسناوی وتە پێشکەش دەکات لەسەرەتای سەکۆیکارەکە (وێنە: ڕێکخراوی یو ئین دی پی ،عیراق)

عیراق وەك بەشێك لە نۆیەم گەڕی بەخشینی "سندوقی جیهانی" لەم دواییەدا ٣٠ ملیۆن دولاری ئەمریکیی وەرگرت کە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠ بەدواوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ وەك بەشێك لە پرۆژەی ڕێکخراوی ( UNDP) بە هاوبەشکاریی حکومەتی عیراق و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی جێبەجێ دەکرێت. میکانیزمی هەماهەنگسازی بۆ وڵات " کە دەستەیەکە لە چاودێرێکردنی بەرپرسیارییەتی گشتی و هاوڵاتی بەرپرسە، لە چوارچێوەی ئەم پرۆژە هاوبەشەدا چاودێریی جێبەجێکردنی بەخشینی "سندوقی جیهانی" دەکات.

مەبەستی ئەم پرۆژە هاوبەشە بەهێزکردنی توانای عیراقییەکانە لەسەر ئاستەکانی نیشتمانی و حکومی و ناوخۆییدا لە پێناو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی سیل و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی. هەروەها، پرۆژەکە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەکات سەبارەت بە نەخوشییەکە لە پێناو ڕاکێشانی هاوبەشکاری تازە و بەدەستخستنی پشتگیری لە سەرکردە سیاسی و کۆمەڵگاییەکانەوە. ئەم چالاکییانەش درێژەپێدەری ئەو بەرنامە هاوبەشەن کە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بە هۆی بەخشینێکی پێشتری "سندوقی جیهانی" یەوە دەستی پێکردبوو کە چەقی قورسایی خۆی خستبووە سەر دانیشتوانی بێدەرامەت و پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبردنی بەرنامەی نیشتمانی عیراقی بۆ نەخۆشی سیل.

بەخشینەکانی "سندوقی جیهانی" سەرچاوەی سەرەکین بۆ دابینکردنی دارایی دەرەکی بۆ عیراق بۆ چالاکییەکانی کۆنترۆلکردنی نەخۆشی سیل. ئەم بەخشینەش هاوبەشکارییەکی چەندملیۆن دولاری جیهانییە بۆ دابینکردنی دارایی بۆ بەرنامە نیشتمانییەکان لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی نەخۆشییەکانی ئایدز و سیل مەلاریا لە وڵاتە زۆر تووشبووەکاندا.

وەك هەوڵێك بۆ بەشدارپێکردنی چالاکانەی هاوبەشکارە عیراقییەکان لە بەڕێوەبردن و هەماهەنگسازیی سەرچاوەکانی "سندوقی جیهانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئایدز و سیل و مەلاریا"، هەردوو ڕێکخراوی ( UNDP) و تەندروستیی جیهانی سەکۆیکارێکی یەك ڕۆژییان لە ١ی تشرینی دووەمدا لە عەمانی پایتەختی ئەردەن ئەنجامدا کە وەزیری تەندروستیی عیراقی د. ساڵح ئەلحەسناوی سەرۆکایەتیی دەکرد. "میکانیزمی هەماهەنگسازی بۆ وڵات" کە دەزگایەکی نیشتیمانیی فرە-پەیوەندیداری تازە دامەزراوە و هاوبەشکارە جێبەجێکارەکانیشی لە سەکۆیکارەکە ئامادە بوون.

لەمبارەوە د.ئەلحەسناوی وتی "بەتواناکردنی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ بەگژداچوونەوەی نەخۆشیی سیل هاوبەشکارییەکی سەرەکیی وەزارەتی تەندروستی و بەخشینی سندوقی جیهانییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە لە عیراق."

شایانی باسە نەخۆشی سیل لە عیراق ساڵانە دەبێتە مایە کوشتنی زیاتر لە ٣٠٠٠ ژن و پیاو و منداڵ. بەو پێیەی نەخۆشی سیل ساڵانە تووشی ١٦هەزار کەس دەبێت، عیراق لە پلەی بەرزترین نۆهەمی وڵاتەکانی "هەرێمی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی" دێت و بەمەش پلەکەی لە تێکڕای کێسەکانی ئەو نەخۆشییە دەگاتە ٣٪. لە لایەکی تریشەوە، عیراق لە پلەی ٤٤ەمینی ئەو ٢١٢ وڵاتانەی جیهانە کە بەدەست ئەو نەخۆشییەوە دەناڵێنن.

تەندروستی

# لێکۆڵینەوەیەکی نهێنیی ئەزموونی سەبارەت بە مردنی دایکان لە عیراقدا بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩

نوسینی: حیکمەت روبا - WHOی عیراق

به مەبەستی تاوتوێکردنی بۆشایی نەبوونی داتا سەبارەت بە مردنی دایکان لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەزارەتی تەندروستی عیراقی بە یارمەتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لێکۆلینەوەیەکی نهێنی ئەزموونی لەسەر مردنی دایکان لە عیراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ ئەنجامدا و ئەنجامەکانیشی لە سیمینارێکی هاوبەشی هەمان وەزارەت و ڕێکخراودا لە ٨ی تشرینی دووەم لە وەزارەتی تەندروستی لە بەغداد ڕاگەیاندران و تاوتوێکران.

بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی د.ساڵح ئەلحەسناوی و ژمارەیەك لە بەرپرسانی عیراقی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، سیمینارەکە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی خستە ڕوو کە نیشانیاندا ڕێژەی بەسەرمنداڵەوەچوون و مردنی دایکان ئێستا دەگاتە ٢٥٪ بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو.

لە لایەکی تریشەوە، ئەنجامەکان نیشانیاندا کە لە نێوان توێژە جیاجیاکانی وڵاتدا جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی مردنی دایکان هەیە. شایانی باسە، پارێزگای نەجەف لە مردنی دایکان بەرزترین ڕێژەی هەیە کە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەگاتە ٤٩.٤٣ بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو ئەمجا بەغدا (کەرخ) کە ڕێژەکەی بۆ هەمان ساڵ دەگاتە



ژنێکی دووگیان ئامادەی سەردانکردنی بەشی ئاگاداری سکپڕان دەبێت لە لە بنکەیەکی تەندروستیی ناوەندی لە بەغداد(وێنە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی)

٥. ٣٦ بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لەدایكبوونی زیندوو. نزمترین ڕێژەش لە ئەنبارە كە دەگاتە ٤٠.٨ بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لە دایكبوونی زیندوو. بە گوێرە ی ڕێكخراوی تە ندروستی جیهانیش، ڕێژە ی مردنی دایكان لە وڵاتە تازە گەشەكردووەكاندا ٤٥٠ یە بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ لەدایكبوونی زیندوو بەرامبەر بە ٩ لە وڵاتانی پێشكەوتوودا.

لەلایەكی تریشەوە، لێكۆڵینەوەكە چەندان ڕاسپاردەی خستەڕوو كە بریتی بوون لە (١) هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای تەندروستی و خزمەتەكان و ژێرخان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەندروستی بتوانێت دەست بخاتە سەر خاڵە لاوازەكان و بۆشاییەكانی پێشكەشكردنی خزمەتەكان بۆ كۆرپەڵە و دایكان و (٢) زیادكردنی گوژمەكانی سەرچاوە حكومییەكان بۆ پلانی كاری نیشتمانی و (٣) گەشەپێدان و بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی وە ك ئە نجامدانی ڕاهێنانی بە سوود بۆ ئەوانەی لە بەشەكانی دایكاندا خزمەتی تەندروستی پێشكە ش دە كە ن و (٤) چاككردنی چۆنیە تی بایەخپێدان لە پێناو باشكردنی تەندروستیی دایكان و زیادكردنی خزمە تە كانی دایكان و منداڵان لەسە ر گشت ئاستەكانی خزمەتكردندا.

باشكردنی تەندروستی دایك یەكێكە لە ٨ ئامانجەكەی "پە رە پێدانی هەزارە" كە لە لایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە "كۆبوونەوەلوتكەی هەزارەی نەتەوە یەكگرتووەكانی ساڵی ٢٠٠٠" پەسندكراوە. بە گوێرە ی ئامانجی ژمارە پێنجی "پە رە پێدانی هەزارە"ش، وڵاتەكان پابەندن بە كەمكردنەوەی ڕێژەی مردنی دایكان بە ڕادەی ٣/٤ لە نێوان ساڵەكانی ١٩٩٠ و ٢٠١٥. شایانی باسیشە، عیراق هەوڵ دەدات كە ڕێژەی مردنی ئەو ژنانەی بەسەر منداڵەوە دەچن كەمبكاتەوە بۆ ئەوەی بەهاتنی ساڵی ٢٠١٥ بگاتە ڕێژەی مەبەست كە ٢٩٪ یە بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ منداڵبوونێك.

هۆی مردنی دایكانیش لە عیراق وا لێكدراوەتەوە كە خراپیی خزمە تە كانی مامانی یان درە نگ ناردنی نەخۆشەكە بۆ خەستەخانە یان نەبوونی ئاگاداریی بەشی مامانی بێت لە كاتی كتوپڕیدا و یانیش بەرزی ڕێژەی كەمخوێنی دایكە دووگیانەكان بێت.

گەشەپێدان

# ڕۆژی جیهانیی هابیتات بە دەستپێكردنی "سیاسەتی نیشتەجێكردنی نیشتمانی" یادی كرایەوە

نوسینی: دیڤید ئۆبری - هابیتاتی عیراق



وەزیر دزەیی لە ڕۆژی جیهانیی هابیتاتدا سیاسەتی نیشتەجێكردنی نیشتمانی ڕادەگەیەنێت(وێنە: هابیتات-عیراق)

بە ئامادە بوونی وە زیری ئاوە دانكردنە وە و نیشتە جێكردن خاتو بەیان دزەیی و ژمارەیەك لە گەورە نوێنەرانی و وەزارەتەكانی ئاوەدانكردنەوە و شارەوانی و دەرەوە و نوسینگەی سەرۆكوەزیران و نوێنەرانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراق، ڕۆژی جیهانیی هابیتات لە ڕێورە سمێك لە ٤ی تشرینی دووە م بە ڕاگە یاندنی "سیاسە تی نیشتە جێكردنی نیشتمانی" لە لایەن وەزارەتی ئاوە دانكردنەوە و نیشتەجێكردن لە بەغداد یادی كرایەوە.

وێڕای دە ستخۆشیكردنی لە "سیاسە تی نیشتە جێكردن"، خاتو بەیان لە وتەكەیدا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە پلاندانێكی تۆكمە بە گوێرەی "پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی" لە ئارادایە و هەروەها پرۆژە بەردەوامەكانی وەزارەتەكەشی خستەڕوو لەگەڵ دەربڕینی سوپاس بۆ ئەو هەوڵانەی كە لە لایە ن وە زارە تی ئاوە دانكردنە وە و شارە زایانی ناوخۆیی و بیانی دە درێن و بە تایبە تیش بە شدارییە كانی ڕێكخراوی هابیتاتی نە تە وە یە كگرتووە كان لە گە شە پێدانی "سیاسە تی نیشتەجێكردنی نیشتمانی عیراقی"دا.

لەمبارەوە، نوێنەری هابیتات لە عیراق بەڕێز دۆدو مبێ وتی "من زۆر خوشحاڵم كە ئەمڕۆ دەبینم ئەم سیاسەتە سەری گرت كە دەبێتە كارێكی گرنگ بۆ وڵامدانە وە ی پێویستییە كانی نیشتە جێكردن و حە وانە وە و باشكردنی بە ردە ستخستنی خزمە تە بنەڕەتییەكان كە لە عیراقدا كاری هەرە لە پێشینەی ئێمە یە. لە ڕاستیدا ئە مە تە نها خاڵی دە سپێكە و تەحەددای هەرە گەورەش لە جێبەجێكردنی ئەو سیاسە تە دایە. ڕێكخراوی هابیتات پابە ندە بە كاركردن لە گە ڵ چە ندان هاوبەشكاری جیاجیا بۆ ئەوەی عیراق بكاتە وڵاتێك كەتییێدا هەموو كەسێك شوێنی حە وانە وە ی شایستە ی هە بێت و ئە مە ش گرنگە بۆ دروستكردنی جیاوازییەكی باش لە ژیانی هەر تاكێكی عیراقیدا."

لەم ١٨ مانگەی ڕابردووشدا، "بەرنامەی هابیتاتی عیراق"، بە ڕاوێژكردنی لە گە ڵ ژمارە یە ك وە زارە تی پە یوە ست بە كە رتی جینشینكردن و پەیوەندارانی ڕێكخراوە ناحكومییەكان و شارەزایانی عیراقی و بیانی، یارمە تی وە زارە تی ئاوەدانكردنەوەی داوە بۆ گەڵاڵە كردنی ئەم سیاسەتە. شایانی باسیشە، ئەم سیاسەتە لەسەر چەند شیكارێك سە بارە ت بە چە ند بوارێكی گرنگی كە رتی نیشتە جێكردن وە ك بە ڕێوە بردنی زە وی و دروستكردنی یە كە ی نیشتە جێبوون و دابینكردنی دارایی بۆ نیشتەجێكردنی و ژێرخانی نیشتەجێكردن و بە ڕێوە بردنی نیشتە جێكردن و پاراستنی كە رە سە كانی نیشتە جێكردن و نیشتە جێكردنی نافەرمی بنیات نراوە.

"بە رنامە ی گە شە پێدانی سە ر بە نە تە وە یەكگرتووەكان لە عیراق" لەگەڵ هابیتاتی عیراق كار دەكات بۆ یارمەتیدانی جێبەجێكردنی "قۆناغی سێهەمی بەرنامەی عیراق لە سیاسەتی نیشتمانی بۆ جێنیشنیكردن بۆ بە هێزكردنی توانای كە رتی نیشتەجێكردن."

ئێستا كورتییەكانی عیراق لە كەرتی نیشتەجێكردن دەگاتە نزیكەی ٢ ملیۆن یەكەی نیشتەجێبوون كە كاری كردووە تە سە ر سە دان هە زار خێزان لەسەرتاسەری وڵاتدا. ئەم سیستەمە بەناوەندكراوەی ئێستای دابینكردنی نیشتە جێكردنیش هە رگیز ناتوانێت لە گە ڵ خواستە كانی نیشتە جێكردن لە ئەنجامی زیادبوونی دانیشتوان و رووكردنە شار و داتەپینی ئەو نیشتەجێكردنەی ئێستا هەیە بڕوات.

بە گوێرەی مەزەندەش،لە ٧١٪ی عیراقییەكان لە شاردا دەژیەن و ٣٧٪یش خانووەكانی شاریش ٣ كەس یان زیاتر لە ژوورێكدا دەژیەن. بەگوێرەی پێناسە ی هابیتاتیش،لە ٥٧٪ی دانیشتوانی شار لە عیراقدا حاڵەتێكی دژواری یان زیاتریان هەیە.

ڕۆژی جیهانیی هابیتات، هەر لە دامەزراندنییەوە لە لایەن كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی ١٩٨٥ەوە، ساڵانە لە یەكەم دووشەممەی مانگی تشرینی دووەم یادی دەكرێتەوە.

زانیاری لە سە ر "سیاسە تی نیشتمانی بۆ نیشتە جێكردن" لە ماڵپە ڕی "بە شی شیكاری و زانیاریی عیراقی"دا هە یە http:// www.iauiraq.org/reports.asp

بۆ زانیاریی زیاتر تكایە پەیوەندی بكە بە شێرین كریكۆریان لە بە رنامە ی هابیتاتی عیراق : sherien.krikorian@unhabitat.org

## گەشەپێدان

# بەهێزکردنی توانای عیراق بۆ پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت

نوسینی: کریستیانۆ پاسینی - یونیدۆی عیراق

بەمەبەستی یارمەتیدانی بازرگانانی گەنجی عیراق لە خۆ ناساندنیان بە کۆمەڵگەی کاری جیهانی و نیشاندانی بەهرەیان و دەستنیشانکردنی لایەنەکانی گەشەپێدانی پرۆژەکانیان لە رێگەی هاوبەشکاریی جیهانییەوە، ١٠ بازرگانی عیراقی لە پارێزگاکانی بەغداد و زیقارِ و هەولێر بەشدارییان لە "سەکۆی بازرگانانی گەنج "دا کرد کە لە ١٣ تا ١٥ی تشرینی دووەم لە تونسی پایتەختی وڵاتی تونس بەسترا.

بەشداربوونی ئەم بازرگانانە لەم سەکۆیە دەرفەتێکی گەشەپێدانی وەبەرهێنان بوو کە لەلایەن "رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی-UNIDO"وە بۆ ئەو بازرگانانە رێکخرابوو کە پێشتر خولی راهێنان و راوێژپێکردنی کاریان لە بەشەکانی گەشەپێدانی پرۆژەی یونیدۆ تەواو کردبوو.

"سەکۆی تونس" دەستپێشخەرییەکی هاوبەشانەی "رێکخراوی تونسی بۆ گەشەپێدان و پیشەسازی و داهێنان" و وەزارەتی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی و وەزارەتی راهێنانی پیشەیی و رێکخراوی یونیدۆ بوو کە ١٦ راهێنان و سەکۆیکاری لەخۆ گرتبوو بۆ هاوبەشکردنی باشترین جێبەجێکردنەکان لە بواری دروستکردنی پرۆژە و گەشەپێدان و بەڕێوەبردن و دابینکردنی دارایی بۆ پرۆژەی بچووك مامناوەندەکاندا. بازرگانە عیراقییە گەنجەکان هەلی ئەوەشیان بۆ رەخسا کە سەردانی دەزگا و کۆمپانیا پەیوەندارەکان بکەن و بەشداری لە کۆبوونەوە کاربۆکارە دوولایەنەکانییەکاندا بکەن و رێگەی ئەوشیان پێ بدرێت لەگەڵ بازرگانە گەنجەکانی هەرێمەکە کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوبەشکاریی کار دابمەزرێنن.



١٠ بازرگانی کارای عیراقی لە خولێکی رێکخراوی یونیدۆ لە تونس بۆ بازرگانە گەنجە کارایەکان (وێنە: رێکخراوی یونیدۆی عیراق)

بازرگانە عیراقییەکان کورتەیەکیشیان لەسەر تازەترین ئەو مەکینە و ئامێر و تەکنۆلۆژییانە کە لە کەرتی پەیوەندداردا سوودیان لێدەبینرێت وەرگرت وەك رستن و بەرهەمهێنانی خۆراك و ئامێرە کارەباییەکان و گواستنەوە و بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە و دیزاینی ناوەکی و راهێنانی راگەیاندن.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیش کە لە ناو سەکۆیەدا ئەنجامدرا، بەڕێز هۆگر شاڵی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق وتی "ئامانجی ئێمە دوزینەوەی شارەزایی و لێزانینە سەبارەت بە کار و پرۆژەی تونسی. ئەم سەکۆیەش دەرفەتێکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێکانماندا. ئێمە دەمانەوێت هانی هاوبەشکاری بدەین بۆ پشتگیریکردنی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و بەتایبەتیش لە بوارە سەرەکییەکانی وەك ئاوەدانکردنەوە و دەرمانسازی و بەرهەمهێنانی خۆراك و کانزازانی و رستن و وزە و خزمەتی تەندروستی."

بەرنامەی "پەرەپێدانی وەبەرهێنان بۆ عیراق"ی رێکخراوی یونیدۆ هەوڵ دەدات گیانی پێشبڕکێ لە ناو بازرگانەکانی ئێستای عیراقدا زیادبکات و ئاسانکاریش بۆ دروستبوونی پەیوندی لە بازاڕی بیانیدا دەکات بە مەبەستی هێنانەدی هاوبەشکارییەك کە ببێتە مایەی وەدەستخستنی تکنۆلۆژی و لێزانین. "بەشەکانی پەرەپێدانی پرۆژە"ش، بە پشتگیری رێکخراوەکە، لە پارێزگاکانی بەغداد و زیقارِ و هەولێر دروستکران بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە پرۆژەی بچووك و مامناوەند لە رێگەی پێشکەشکردنی خزمەتەکانی وەك راهێنانی بەڕێوەبردن و راوێژپێکردنی کار و رێکەوتنی تکنۆلۆژی پەیوەندییە داراییەکان.

تا ئێستاش "بەشەکانی پەرەپێدانی پرۆژە" راهێنانی بۆ زیاتر لە ٣٢٠ بازرگانی عیراقی ئەنجامداوە و یارمەتی بە زیاتر لە ٢٦٠ پرۆژە پێشکەش کردووە. بەرنامەی "پەرەپێدانی وەبەرهێنان بۆ عیراق"یش رێ بەم بەشانە دەدات کە خزمەتەکانیان فراوان بکەن بۆ ئەوەی گەشەپێدانی پەیوەندیش بگرێتەوە کە لەسەر بنەمای شێوازی "ئاڵوگۆڕییەکانی هاوبەشکاری و قونتەراتگرتنەوە"دامەزراوە لەگەڵ فراوانکردنی راهێنان بۆ کەرتی نزمتر و بەشداریکردنی پەیوەنداری تایبەت بە پەرەپێدانی وەبەرهێنان.

*بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە کریستیانۆ پاسینی c.pasini@unido.org*

## بەهانەوەچوون

# گەیاندنی یارمەتی بە ئاوارە ناوخۆییەکان لە موسڵ

نوسینی: ماتیۆ گرادیۆن - IOMی عیراق



رێکخراوی (ئای ئۆ ئێم)ی عیراق پێویستییە بنەڕەتییەکان بەسەر ئاوارە ناوخۆییەکاندا لە مۆسڵ دابەش دەکات (وێنە: رێکخراوی ئای ئۆ ئێم)

دیمەنی خانوی قوڕ لە دەوروبەری زبڵخانەی ئەلعەرەبی نزیك شاری موسڵ دیمەنێکە کە توشی شۆکت دەکات و بەڕاستی زۆر ئەستەمە باوڕ بکەیت کە هیچ کەس بتوانێت لەم بارودۆخە ناڕەحەتە بژیت، هەرچەندە زیاتر لە سەدەها خێزانی ئاوارەی عیراقی لەم خانوە قوڕانە دا دەژین.

زۆربەی ئەم خێزانانە لە قەزای شێخان لە نەینەوا لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هاتونەتە ئەم شوێنە پاش ئەوەی بە هۆی ناکۆکی هەرێمی دەرکران لە گوندی خۆیانەوە، ئەوانی تر لە قەزای هاترا لە نەینەوا لە ساڵی ٢٠٠٩ وە هاتونەتە ئەم شوێنە بە هۆی وشکانێکی زۆر سەخت کاری کردە سەر رەز و مەڕومالاتیان.

کە هیچ شوێنێکی تر نەبوو رووی لێبکەن، ئەم خێزانانە ناچار بوون خانوەکانیان لەم شوێنەی پێی دەوترێت ئەلعەرەبی دروست بکەن کە زبڵخانەیەکی پیس و چۆڵە لە شاری موسڵ. ئاوارەکان لەم شوێنەدا لە کەمی خزمەتگوزاری پێویست دەناڵێنن وەك خزمەتگوزاریی تەندروستی، و ئاوی پاك، و دەرفەتی خوێندن بۆ منداڵەکانیان. لەبەر ئەوە زۆربەیان لە ناو بە رماوە فڕێدراوەکان و پاشماوەکانی ئەم زبڵخانەدا دەگەڕێن بۆ کەلوپەلی پلاستیکی و ئاسنی بێ کەڵك تا دواتر بیانفرۆشن.

بەگوێرەی راسپاردەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، رێکخراوەکانی IOM و UNHCR و UNICEF لە ٢١ی تەمموزی ٢٠١٠ هەڵسەنگاندنێکیان بۆ ئەم شوێنەی ئەم ئاوارانە ئەنجامدا بە مەبەستی دیاریکردنی پێداویستییە هەرە گرنگەکانیان و لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەوان پێویستییان بە

کەلوپەلی پێویست و سەرەکی بۆ پارێزگاریکردنی خانووەکانیان لە تۆخمەکانی ئاو و هەوا و بۆ باشترکردنی باری گوزەرانیان هەیە.

ڕێکخراوی IOM ڕۆژێك پاش هەڵسەنگاندنە کە کۆمەڵێك بارهەڵگری لە کۆگای خۆی لە دەوروبەری پارێزگای هەولێرەوە نارد بۆ ئەم ئاوارانە و ڕاستەوخۆ کەلوپەلی پێویستی بەسەر ١٢٧ خێزانی ئاوارە دابەش کرد. ئەم دابەشکردنە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی UNHCR و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی شاری نەینەوا ئەنجامدرا و لەلایەن نوسینگەی هاوکاریی کارەساتی بیانیین سەر بە USAID ەوە پارەی بۆ تەرخانکراوە.

ئاوارەکان بە وەرگرتنی ئەم کەلوپەلانە وەك بەرگی پلاستیکی و کەرەستەی پاککەرەوە و هیتەری غازی دەتوانن کەموکوڕیەکانیان پڕکەنەوە و بەرگەی سەختی باری گوزەرانیان بگرن. نزیکەی لە ٧٪ ی ئاوارە ناوخۆییەکانی عیراق دوای تەقینەوەکەی ساڵی ٢٠٠٦ی مزگەوتی ئەلعەسکەری لە شاری سامەڕرا بەرەچەڵەك خەڵکی نەینەوان و ئاوارەکانی نەینەوا ڕێژەی ٤٦٪ی هەموو ئاوارەکانی باکوری عیراق پێك دێنن.

ڕێکخراوی IOM لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نزیکەی ١٣.٠٠٠ لە کۆی ١٩.٠٠٠ خێزانی ئاوارە کردووە و بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و پەرەپێدانی بۆ ئەم ئاوارانە.

وەك ئەندامێکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراقUNCT ، ڕێکخراوی IOM /عیراق بە وردی کار لەگەڵ سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتە عیراقییەکان بە پشتگیری پلانی پەرەپێدانی نیشتیمانیی عیراقی ٢٠١٠-٢٠١٤ دەکات و لەگەڵ هەموو کەرتەکانی تیمی پێکهاتەی هەماهەنگیکردنی UNCT یەکگرتووە.

*بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕێکخراوی IOM/عیراق، تکایە پەیوەندی بە ڕێکس ئالامبان بکەن لەسەر ئەم ئیمێڵە ralamban@iom.int*

**تەندروستی**

# ڕۆژی جیهانیی دەستشوتن

## هەزارەها قوتابیی عیراقی کۆتایی بە ئاهەنگی ڕۆژی دەستشوشتنی جیهانی دێنن: دەستشوشتن بە سابون ژیانی هەزارەها منداڵ دەپارێزی

نوسینی: جایا مورتی - یونیسێفی عیراق



منداڵان یادی ڕۆژی جیهانی دەستشوتن دەکەنەوە لە قوتابخانەی ئەمین بینت ئەلوەهاب لە بەغداد (وێنە: یونیسێف-سەباح ئارار-٢٠١٠)

بە بۆنەی ئاهەنگگێرانی ڕۆژی دەستشوشتنی جیهانی لە ١٥ی تشرینی یەکەم، زیاتر لە ٣٠ هەزار منداڵی قوتابخانەی سەرتاسەری عیراق لە چوار ڕۆژی ڕابردوودا کۆتاییان بە چالاکییەکانی ئەم بۆنەیە هێنا کە مەبەست لێی نیشاندانی گرنگیی دەستشوشتن بوو. بە دروشمی "دەستی خاوێن ژیان دەپارێزێت"، قوتابیانی ٢٦ قوتابخانە نیشانیان درا دەستشوشتنی دروست چۆنە وچۆن دەست شوشتن کاریگەریی لەسەر نەهێشتنی ژانی مەعیدە دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەندروستیی بەغدا سائیب جاسم گوتی "ئامانجی ئەم ئاهەنگە ئەوەیە سەرنجی خەڵك بە لای شێوازەکانی خۆپارێزی ڕابکێشین کە هیچی تێناچێت بەڵام زۆر کاریگەر دەبێت بۆ دورکەوتنەوە لە نەخۆشی. ئێمە هەزارەها دۆلار لە چارەسەرکردنی نەخۆشی خەرج دەکەین لە کاتێکدا ئەنجامدانی شتێکی ئاسانی وەك دەستشوشتن لە نەخۆشی دەمانپارێزێت و منداڵانیشمان تەندروست دەبن."

لە عیراقدا دوو نەخۆشی کوشندە توشی منداڵی تەمەن ژێر پێنج ساڵی دەبن؛ یەکەمیان هەوکردنی سەختی سییەکانە کە دەبێتە هۆی مردنی نزیکەی ٣٣٪ منداڵانی مردووی ئەم تەمەنە، و دووەمیشیان نەخۆشی سکچوون کە دەبێتە هۆی مردنی نزیکەی ٢٦٪ منداڵانی مردووی هەمان تەمەن. بەڵام کارێکی ئاسانی وەك دەستشوشتن، بەتایبەتی لە کاتە گرنگەکانی پاش بەکارهێنانی ئاودەست و پێش نانخواردن، کاریگەریی دەبێت لەسەر کەم کردنەوەی توشبوون بە سکچوون بە ڕێژەی ٤٠٪ و هەوکردنی سییەکانیش بە ڕێژەی ٢٣٪. کەواتە دەستشوشتن بە سابون کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر پشتگیریکردنی عیراق بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی وەك چوارەم ئامانجی پەرەپێدانی هەزارە تایبەت بە ڕێژەی مردنی منداڵان و شەشەم ڕێژەی مردووانی منداڵ ئامانجی پەرەپێدانی هەزارە تایبەت بە نەهێشتنی نەخۆشی.

بە بەشداریکردنی زیاتر لە ١٠٠٠ مامۆستای ڕاهێنراو لەسەر پشتگیریکردنی هۆشیاریی تەندروستی لە قوتابخانەکان و پاش ئەوەی پاریش لە ئاهەنگەکانی لە قوتابخانەکان سەرمەشق بوون، ژمارەیەکی زیاتری منداڵانی قوتابی لە عیراق، جیاواز لە ڕابردوو، ئێستا وەك نوێنەری گۆڕانکاری کاردەکەن و شێوازە باشەکانی هۆشیاریی تەندروستی، کە لە قوتابخانە فێری بوون، دەگوازنەوە بۆ ماڵەکانیان و کۆمەڵگاکانیان. لەم بارەیەوە خاتو بوشرا جمیل پزیشك لە فەرمانگەی تەندروستی گشتیی بەغدا دەڵێت "قوتابخانەکان شوێنی گونجاون بۆ ئاهەنگ گێرانی ئەم بۆنەیە لەبەر ئەوەی هەر وشەیەکی مامۆستا کاریگەریی زۆری لەسەر هەڵسوکەوتی منداڵ هەیە و دەبێتە هۆی پارێزگاریکردنی ژیانی خەڵك. ئێستا مامۆستایان لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی پەیامێکن کە دەڵێت "دەستشوشتن بە سابون کارێکی ئاسانە و هەرزانە و زۆر کاریگەرە."

نوێنەری ڕێکخراویUNICEF لە عیراق سیکاندر خان ڕوو لە هەموو مامۆستایان و دایبابان و کوڕان و کچانی عیراق دەکات و دەڵێت "ئێمە داوا لە مامۆستا عیراقییەکان دەکەین کە قوتابیان لەسەر سودەکانی دەست شوشتن پەروەردە بکەن و هەروەها داوا لە هەموو کچان و کوڕانی سەرتاسەری عیراق دەکەین دەستیان بشۆن. ئەگەر زۆربەمان دەستی خۆمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست شوشت، ئەوا منداڵانمان لە سەرتاپای وڵات دڵخۆشتر تەندروستتر دەبن."

ڕۆژی دەستشوشتنی جیهانی لەلایەن هاوبەشکاریی گشتی – تایبەتیی جیهانی بۆ دەستشوشتن بە سابون لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستپێکرد و لەلایەن ڕێکخراوە حکومییەکان و دامەزگا نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان و خەڵکانی سەر ڕووی زەوی پشتگیریی لێکرا. ئەم ساڵ زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن منداڵی قوتابی و دایك و باوك و مامۆستا و کەسی بەناوبانگ و بەرپرسە حکومییەکان لە زیاتر لە ٨٠ وڵات خۆیان بە کەفی سابون داپۆشی بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ڕۆژی دەست شوشتنی جیهانی.

*بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە: جایا مورسی، UNICEF/عیراق، ژمارەی مۆبایل: +962 79 692 6190، ئیمێل: jmurthy@unicef.org*

*سلام عبدولمونعیم، UNICEF/عیراق، ژمارەی مۆبایل: +9647809126782، ئیمێل: sabulmunem@unicef.org*

*بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕۆژی دەستشوشتنی جیهانی، تکایە سەردانی ئەم سایتە بکەن: www.globalhandwashingday.org*

# ڕێکخراوی IOMتواناسازی بۆ بەرنامەی بەڕێوەبردنی گشتگری سنور تەواو دەكات

نوسینی: ماتیۆ گرادیۆن - IOMی عیراق

چالاكییە كۆتاییەكانی تواناسازی تایبەت بە IOM/عیراق لە بەرنامەی بەڕێوەبردنی گشتگری سنور بە سەركەوتویی ئەنجامدران.

دامەزراندنی سیستەمێكی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی گشتگری سنوری لە سنورەكانی هەرێمی بەسرا لە عیراق و دامەزراندنی شێوازە پەیوەندارەكان لە باشترین پراكتیزە نێودەوڵەتییەكان لە ڕێگەی هاوكاریكردن و تواناسازیی سنورەكان و گومرگەكان و دەسەڵاتی تر كە لە بەڕێوەبردنی سنورەكان بەشدارن ئامانجی گشتیی ئەم پرۆژە ئەزمونییەن.

چەمكی بەڕێوەبردنی گشتگری سنور پێویستیی بە هەماهەنگی و هاوكاریی داینامیكیی هەمو خزمەتگوزاری و ئاژانسە پەیوەندارەكان هەیە كە بەشدارن لە كۆنترۆڵ و ڕێكارەكانی سنور بۆ دروستكردنی سیستەمێكی كاریگەر و گشتگری بەڕێوەبردنی سنورەكان لەگەڵ ئەنجامێكی هاوبەشی دروستكردنی سنوری كراوە بەڵام ئارام و كۆنترۆڵ كرابێت.

لەسەر بنەمای ڕاوێژكاریكردن لەگەڵ بەرپرسە عیراقییەكان و شارازەكانی بەڕێوەبردنی سنور، كەلوپەلی وەك ئامێری تیشكی سینی (X-ray) و ئامێری پشكنینی كانزا و ئامێرەكانی چاودێریكردنی سەرەكی بۆ چەندین نوسینگەی دەسەڵاتی سنور دابینكران. هەروەها ڕێكخراوی IOM ئامادەكاریی كرد بۆ دامەزراندنی ١١ تاوەری پەیوەندیكردن، لەگەڵ كڕین وگەیاندن و دامەزراندنی كامیرای نایابی چاودێریكردنبە گەرمی بۆ چاودێریكردنی خاڵی سەرەكییەكانی دەروازە سنورییەكان. هەروەها



كارمەندی ریزی پێشەوەی بنكەی راهێنان لە بەسرە (وێنە: وێنە: ڕێكخراوی ئای ئۆ ئێم-عیراق )

پرۆژەكە یارمەتی دامەزراندنی بنكەیەكی ڕاهێنان لە بەسرا گرتەوە كە ڕاهێنان و ژینگەیەكی كاركردن بۆ كارمەندانی ریزی پێشەوەی بواری كۆچبەری دابین دەكات.

وەك وەڵامدانەوەی پێداویستیی باشتركردنی هاوكاری لە بواری كۆكردنەوە و شیكردنەوە و بڵاوكردنەوەی زانیاری نێوان ئاژانسەكانی بەشدار لە بەڕێوەبردنی سنور، پرۆژەكە دامەزراندنی شیكردنەوەی داتا و بنكەكانی پشكنینی پزیشكی دادوەری لە فڕۆكەخانە نێودەوڵەتییەكانی بەسرا و بەغدا ئاسان كرد.

بەڕێوەبردنی گشتگری سنور ئێستا ستانداردێكی جیهانییە بۆ كۆنترۆڵكردنی سنورەكانی وڵات بە شێوەیەكی كاریگەر. ڕێكخراوی IOM ئامادەیە كە هاوكاریی تەكنیكی زیاتر بۆ حكومەتی عیراق لەسەر دەستپێشخەریی لەم جۆرە دابین بكات و بەهیوای هاوكاریكردنێكی چڕە لە ئایندەدا.

*بۆ زانیاریی زیاتر تكایە پەیوەندی بكەن بە لیڤیا ستایپ -ریكۆسكا، IOM/عیراق، ژمارەی مۆبایل: ٠٠٩٦٢٧٩٧١١٠٢٦١، ئیمێڵ: lstyprekowska@iom.int*

# نەتەوە یەكگرتووەكان لە كاردا

**بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان :UNDP**

بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان بە هاوكاریی وەزارەتی زانست و تكنۆلۆژیا ڕاهێنانێكی بۆ حكومەت و كۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر حكومەتی ئەلیكترۆنی ئەنجامدا.

**ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری- یونیسكۆ :UNESCO**

ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری UNESCO سەكۆیكارێكی لەسەر "ڕێگرتن لە هاندانی ڕاگەیاندن بۆ توندوتیژی" ڕێكخست. سەكۆیكارەكە تەوەرەكانی دروستكردنی تیگەیشتنی تیۆری و كردەنیی بەشداربووان لە مەڕ شیكارەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر ئەوەی كە چۆن ئەم بونیادانە دەبنە مایەی باشكردنی ڕوومالكردنی هەواڵ.

**سندووقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان- یونیسێف :UNICEF**

داتابێسی یونیسێف سەبارەت بە پێشێلكارییە زەقەكانی مافەكانی منداڵان بە یارمەتیی "بەشی شیكار و زانیاری " تەواوكرا. مۆدیولی دروستكردنی ڕاپۆرت وێنە و ڕاپۆرت لەسەر بنەمای مانگ و پارێزگا و ژمارە و ڕێژەی سەدی ڕووداوە پشتڕاستكراوەكان پشتڕاستنەكراوەكان دروست دەكات.

بە هەوڵی هەردوو ڕێكخراوی یونیسێف و تەندروستیی جیهانی، هەڵمەتی ماڵبەماڵ توانی ٦.٥ ملیۆن منداڵی خوارپێنج ساڵە دژی ئیفلیجی منداڵ بكوتێت. ئەمە ساڵی دەیەمینە كە عیراق ڕزگاربوون لە ئیفلیجی منداڵی دەستەبەر دەكات.

**ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی- یونیدۆ :UNIDO**

بە دروشمی "بەدەستهێنانی تەكنۆلۆژیا بۆ سەرلەنوێ دەستپێكردنەوە و دروستكردنی گۆڕینی تەواوی ئابووری"، ڕێكخرای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی- یونیدۆ UNIDO خولێكی لەسەر بازرگانی لە فەلوجە ئەنجامدا. هاوبەشكارەكانی پرۆژە فێری ئەوە بوون گەشەپێدانی كاری بچووك و هەندەكی بوون لە سیناریۆی پاش قەیران بە بەكارهێنانی لوبنان وەك حاڵەتی لێكۆڵینەوە.

**نووسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ خزمەتەكانی پرۆژە - یونۆپس :UNOPS**

بە ژێر پرۆژەی "پشتگیری بۆ ستراتیژەكانی ئاشتەوایی لە عیراق"، نووسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ خزمەتەكانی پرۆژە-یونۆپس UNOPS ڕاهێنانێكی لەسەر نەخشەدروستكردن و شیكارە ناكۆكەكان بۆ توێژەرانی ناوچە كێشەلەسەركان لە پارێزگاكانی نەینەوا و كەركوك و دیالەدا ئەنجامدا. بەشداربووان شارەزاییی پێویستییان سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی ناكۆك پێدرا لە كاتێكدا كاری مەیدانیش هەر یەكسەر دوای ڕاهێنانەكە دەست پێ دەكات. پرۆژەكە بۆ ماوەی ٣ مانگ بەردەوام دەبێت.

دروستكردنی "سەنتەر هەماهەنگیی كتوپڕ"ی تازە دامەزرا و ئامادەكراو لە سلێمانی تەواو بوو و لە چوارچێوەی "پرۆژەی بەهاناوەچوونی كتوپڕی تەندروستیی هەرێمی"ش ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی كرا كە بانكی نێودەوڵەتییەوە داراییەكەی بۆ دابین كردبوو و ڕێكخراوی یونۆپسیشەوە جێبەجێی كردبوو.

**ڕێكخراوی خۆراكی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان WFP :**

بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی عیراق و ڕێكخراوی فاو و یونیسێف، ڕێكخراوی خۆراكی جیهانی ڕاپۆرتی "بێبەشبوون لە خۆراك لە عیراق"ی لە ڕۆژی جیهانیی خۆراك لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ دەركرد. ڕاپۆرتەكە نیشانیدا لە كاتێكدا ئاستەكانی نیشتمانیی برسییەتی لە ژێر لێكۆڵینەوەی وورددایە لەگەڵ سیستەمی تۆڕی سەلامەتی، كەچی هێشتاش زیاتر لە ٢ ملیۆن عیراقی ناتوانن كەمترین پێویستییەكانیان لە خۆراك دابین بكەن.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەكانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەكگرتووەكان یان یونامی بێت. بابەتەكان ئازادانە بڵاو دەكرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بكەن بە
unami-information@un.org

سەرۆكی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: ڕادیە عاشوری
جێگری سەرۆكی نوسینگەی ڕاگەیاندن/ وتەبێژ: ئیلیانا نەبعە
سەرۆكی بەشی بڵاوكراوەكان: عائیشە بەسری
نوسیار: ڕەندا جەمال
نوسیار: لەیلا شەمجی
دیزان و گرافیك: سالار بریفكانی

**لیستی كورتكراوەی ناوەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان:**

لە عیراقدا ١٦ ڕێكخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان كار دەكەن: ڕێكخراوی خۆراك و كشتوكاڵی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان ((FAO و ڕێكخراوی كاری جیهانی ( (ILOو ڕێكخراوی كۆچی جیهانی ( (IOMو نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بو هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان UNDPو ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری- یونیسكۆ UNESCOو سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان (( UNFPAو بەرنامەی نیشتەجێكردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان ((Habitat و نوسینگەی كۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەنابەران ( (UNHCRو سندووقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان- یونیسیف UNICEFو ڕێكخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان ( (UNIDOو سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ گەشەپێدانی ژنان ( (UNIFEMو نوسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هەماهەنگسازیی كاروبارە مرۆییەكان ( (UN OCHAو نووسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ خزمەتەكانی پرۆژە - یونۆپس ( (UNOPSو ڕێكخراوی خۆراكی جیهانی ( (WFPو ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی ( WHO).